# چەمکی ئازادی لەنێوان خەبات و هۆشیاریدا، بە نموونەی شیعری نوێی کوردی ١٩٢٠-١٩٦٥

**مهاباد ئازاد محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئەم توێژینەوەیە (چەمکی ئازادی لەنێوان خەبات و هۆشیاریدا، بە نموونەی شیعریی نوێی کوردی - 1920 -1965) تایبەتە بە شیکردنەوەی چەمکی ئازادی لە شیعری نوێی کوردیدا. لە پرسی ئازادی دەکۆڵێتەوە لە نێوان خەباتی - فیزیکی - سیاسی و هۆشیاری فکریدا. ئامانج لێی شیکردنەوەی شێوازی تێگەیشتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ مانا جیاوازەکانی ئازادیدا، کە وەك تەوەرێکی سەرەکی شیعریی ئەو سەردەمە دەبینرێت.

لێکۆڵینەوەکە لە رێگەی نموونە شیعرییەکانەوە، ئەوە رۆشندەکاتەوە کە چۆن ئازادی لەگەڵ مانای رزگاری و سەربەستیی سیاسیدا، یەکانگیر دەبن. پرسیار لەوە دەکات ئایا چەمکی ئازادی وەك ئامانجێکی جەستەیی، تەنیا لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا شێوە دەگرێت؟ یان چەمکی ئازادی سنووری بەرخودانی خەباتی فیزیکی تێدەپەڕێنێت؟ کام لە دەقە شیعرییەکان ئازادی بە دامەزراندنی هۆشیاری تاك و هۆشیاری نەتەوەیی دەبینێت؟ ئایا نەبوونی هەماهەنگی و نەبوونی هاوتەریبی نێوان ئازادی وەك ئامانجێکی سیاسی و ئازادی وەك پرۆسەیەکی گەشەسەندووی هۆشیاری خودیی و ئاکاری و فکریی، کاریگەری لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات؟ چۆن؟ ئەگەر ئازادی بە مانا فیزیکییەکەی لەسەر بنەمای قوربانیدان و تێکۆشانی فیزیکی و چەکداری بسەندرێت، ئازادی بە مانا فەلسەفی و جەوهەرییەکەی لەسەر چ بنەمایەك دەکرێت دابمەزرێت و دەست بە گەشەسەندن بکات؟ ئایا بە دیهاتنی ئازادی سیاسی، لەگەڵ خۆیدا ئازادی ناوەکی و هۆشیاریی تاك مسۆگەر دەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەوڵدەدەین چەمکی ئازادی لە شیعردا، هەم وەک ئامانجی (رزگاربوون لە ستەم) و هەم وەک پرۆسەیەک ( قووڵبوونەوەی هۆشیاری) بخەینەڕوو. لە رێگەی نموونە شیعرییەکانەوە سەرەتا چەمکی ئازادی لە چوارچێوەی خەباتی رزگاریخوازی سیاسیدا ڕووندەکەینەوە، چونکە بە گشتی لە شیعری نوێی کوردیدا، بە تایبەت لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم بەولاوە، ئازادی بە بەرهەمی قوربانیدان و خۆڕاگری و ئازایەتی دادەنرێت. ئەم دەقانە تێکۆشانی چەکداری و فیداکاریی، وەک ئامرازێکی حەتمی بۆ گەیشتن بە ئازادی نیشتمانی و چارەنووسی نەتەوەیی دەخەنە روو. لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا مانای ئازادی لە رێگەی هێماکانی وەک "خوێن"، "شاخ"، یان " مەشخەڵ"، "هەڵمەت" قوربانی"..هتد گوزارشتی لێدەکرێت. دواتر چەمک و مانای ئازادی وەك سەربەخۆبوونی هۆشیاریی عەقڵی شیدەکەینەوە . هەڵبەتە کەمتر لە نموونەکانی تەوەری پێشتر، بەشێك لە دەقەکان بەدەر لە ئازادی سیاسی، جەخت لە گرنگی گەیشتن بە ئازادی ناوەکی دەکەنەوە، کە پەیوەستە بە هۆشیاری رۆحیی تاك و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە ئاکاریی و ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی مرۆڤ. زۆرجار لە رێگەی هێما و میتافۆرەکانی وەك "ڕووناکی، عیشق، هەڵاتنی خۆر، نەسیم، ئاسۆ، هەوای ئازادی.. هتد "گوزارشتی لێکراوە.

**کلیلە ووشەکان:** ئازادی، خەباتی سیاسی، تێکۆشان، هۆشیاریی، بەرپرسیارییەتیی ئاکاریی

## پێشەکی:

پرسی ئازادی یەکێکە لە تەوەرە هەرە سەرەکییەکانی گوتاری رۆشنبیریی شیعری نوێی کوردیی، ساڵانی ١٩٢٠-١٩٦٥. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەم چەمکە وەك خەونێکی بە دینەهاتووی ناوکۆیی، دەبێتە جێگەی بایەخی ڕووناکبیران. بە دیهاتنی ئەم خەونە پەیوەست دەکرێت بەخەباتی فیزیکی و تێکۆشانەوە، لە بەرامبەر ستەمی زۆرینە و داگیرکاریدا، کە پێویستی بە قوربانیدان و بەرخودانە. باڵا دەستی ئەم روانگەیە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی، پەیوەندی بە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەوە هەیە، کە هاوکاتی دروستبوونی بزووتنەوە نەتەوەییەتییەکانی کوردە. جگە لەم تێگەیشتنە، بە شێوەیەکی نادیار تێگەیشتنێکی تر بەدیدەکرێت کە ئازادی بە ئەزموونێکی ناوەکی و باڵاڕەوی هۆشیاریی فکرییەوە گرێدەدات. ئەو قۆناغە شیعرییەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کراوە، قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کە تێیدا ئامانجی بزووتنەوە سیاسییەکان و خواستە نەتەوەییەکان و شوناسی کولتووری یەکدەگرن و شیعر دەبێتە بڵندگۆی گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی ئەم قۆناغە. بە پێی سنووری توێژینەوەکە لە بەرهەمە شیعرییە هەڵبژێردراوەکان کەڵک وەردەگرێت، بۆ شیکردنەوەی چۆنایەتییەکانی تێگەیشتن لە چەمك و رۆڵی ئازادی لە شیعری کوردیی ئەو سەردەمەدا. ئەوە رۆشندەکاتەوە کە چۆن ئازادی لە چوارچێوەی خەباتی سیاسیدا، رۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت، لە بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییەکی سایکۆنەتەوەیی و

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp119-127
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 10 شباط 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: mahabad.azad@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر ©2026 مهاباد ئازاد محەمەد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پەروەردەیەکی خرۆشاوی پڕ لە هەست و سۆز، کە هەمیشە ئامادەی بەرخودان و قوربانیدان بێت !.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، گرنگی بە بنەمای فکریی نموونە شیعرییەکان دەدات، بۆیە هێندەی لە تێڕوانینە سیاسیی و فەلسەفییەکانەوە چەمکی ئازادی شیدەکاتەوە، هێندە پێناسەکانی شیعری سیاسیی، بەسەر ئەو شیعرانەی بە شیعری سیاسیی یان شۆڕشگێری ناسراون، پراکتیزە ناکات .

ئامانجی توێژینەوەکە: تێگەیشتن و شیکردنەوەی بیرۆکەی ئازادییە ، لە نێوان خەباتی سیاسی و هۆشیاری فکریدا، لە شیعری نوێی کوردیدا. هەروەها ئامانجی تێگەیشتنە لە ئاکامەکانی تێڕوانینە باڵا دەستەکانی ئەم قۆناغە ڕۆشنبیرییە، لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی سیاسی و پەروەردەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیدا .

پرسیاری توێژینەوەکە : ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوون بۆ کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ دەکات. ئایا شاعیران تەنها وەک ئامانجێکی سیاسی و دەرەکی لە چەمکی ئازادی دەڕوانن، کە پەیوەستە بە خەباتی فیزیکی و تێکۆشانەوە؟ یاخود وەك پرۆسەیەکی ناوەکی و ئاکاریی، پەیوەست بە هۆشیاریی تاکەکەسیش وێنای دەکەن؟ ئازادی وەک پرۆسەیەک چۆن لە ڕێگەی زمان و هێما و پێکهاتەی شیعرییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت؟ شێوەگرتنی ڕوانگەی سیاسی بۆ ئازادی، لە لای ڕۆشنبیرانی ئەم قۆناغە، ئایا ڕۆڵی لە ڕەنگرێژکردنی دنیابینی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری قۆناغەکانی دواتر هەیە ؟ هاتنەدی خەونی ئازادی لە بەشداری کردنی چالاکانەی ژیانی سیاسی و توانای دەربڕین و هەڵسوکەوت، لە کایەی گشتیدا، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئازادی هۆشیاریی فکری و تاکی ئاکاریی بەرپرسیار؟

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە دەریدەخات بەرجەستەکردنی مانای یەکەمی ئازادی بە تەنیا پێویستیی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی دەستەجەمعی نەتەوەیەکی هەقخوراو نییە، لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا، بەڵکو ئازادی وەك دیاریکەری شوناسی نەتەوەیی، دەرخەری مانای کوردبوونە. ئەوەشی ئەم چەمکە قووڵدەکاتەوە و دەیکات بە پرسێکی نێو نەتەوەیی و بەرپرسیارێتیکی مرۆیی و گەردوونی، ئەم هۆشیارییە مرۆییە تاکەکەسییەیە، کە بەبێ دامەزران و چەکەرەکردنی لە ناو تاکەکاندا هەموو ئازادییەکی سیاسی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. جگە لەوەی ئەم توێژینەوەیە هانمان دەدات کە ڕۆڵی شیعر لە مێژووی کورددا، نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بەرخۆدانی سیاسی نەتەوەیەك، بەڵکو وەک زەمینەسازییەك بۆ بەرەوپێشبردنی ویست و ڕۆحی ئازادانەی مرۆڤایەتی لەبەرچاو بگرین.

لەبەر ئەوە گرنگییەکی تری ئەمجۆرە لە توێژینەوە لەوەدایە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و هەروەها بۆ شیکردنەوەی بنەماکانی واقیعی ئێستامان، پێویستیمان بە توێژینەوە و بەدواداچوونی زیاترە، نەك تەنیا لە لایەنی تەکنیکی شیعر و چۆنایەتییە زمانییەکانی، بەڵکو تێڕامان لە بونیادی فکریی شیعر، لە قۆناغەکانی رابردوومان، پێویستییەکی حەتمییە بۆ قووڵبوونەوەی لایەنی فکریی توێژینەوەکانی داهاتوو، چونکە لە مێژووی ئێمەدا، شیعر سەرەکیترین فۆڕمی ئەدەبییە و شاڕێگەی دەبڕین و دەرخەری کۆی تێڕوانین و بیرکردنەوەی سەردەمەکانە .

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیۆری هێرمۆنتیکە، ئەم میتۆدە، وەك زانستی تێگەیشتن، ڕێگە بە لێکدانەوەی دەقەکان دەدات، بە تایبەت بەرهەمە ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفییەکان، لە چوارچێوەی هەریەکەیاندا. وا دەکات بتوانین چەمکی ئازادی لە شیعری کوردیی - قۆناغی دیاریکرودا- لێکبدەینەوە، وەک دەربڕینێک بۆ خەباتی سیاسی یان وەک ویستێکی بنچینەیی لە هۆشیاریی تاکەکەسیدا .

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە هەر بەشەی چەند تەورێك دەگرێتە خۆی. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمکی ئازادی سیاسی لە شیعری نوێی کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کراوە. تەوەری یەکەم چەمکی ئازادی سیاسی و بابەتی ستەمی دەسەڵاتدار ڕووندەکاتەوە، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەی شاعیرەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی دەستنیشانی دەکەن، وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئازادی هانی خوێندەواری و زانست دەدەن، تەوەری سێیەم، بە نموونەی شیعریی قۆناغی دیاریکراو، ڕێگەیەکی تر بۆ گەیشتن بە ئازادی شیدەکاتەوە، لەوەدا کە دەنگی ئازادی شیعریی کوردی پەیوەست بە خەباتی سیاسی و تێکۆشان دەبێت .

بەشی دووەم دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، تەوەری یەکەم وەك ئەزموونێکی ناوەکی باس لە هۆشیاریی و ئازادی فکری دەکات. تەوەری دووەم تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتێکی ئاکاری ڕووندەکاتەوە، لە بنەمای فکری نموونە شیعرییەکان و بیرۆکەی ئازادی ڕادەمێنێت. هەروەها هەوڵدەدات ئەنجامە واقیعییەکانی لاسەنگی تای تەرازووی ئازادی، لە نێوان بە دەستهێنانی ئازادی سیاسی و هۆشیاری فکریدا لە واقیعی ئێستادا دەربخات. لە کۆتاییدا گرینگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## 1. چەمکی ئازادی لە شیعری نوێی کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا

### 1.1 چەمکی ئازادی سیاسی و ستەمی دەسەڵاتدار

لە مێژووی کورددا، بایەخی واقیعییانەی ئازادی بۆ ئەو مێژووە پڕ خەبات و بەرەنگارییە دەگەڕێتەوە، کە لەسەردەمە جیاواز و یەك بەدوا یەکەکاندا " میرە کوردەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەرپەرچی هێرشی (غوزەکان - سەلجووقییان، (خارەزمشاهیان- ئێلخانان، تەیموورِیی و عوسمانییان داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتوونەتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتدارانی بێگانەوە، بەڵام ئەم قۆناغانە خاڵی نەبوونە لە بەرەنگاربوونەوە. لەسەر ئەم خاڵە سوور بوون و هەن، کە دەسەڵاتی لاوەکیی لەسەر خۆیان ڕابماڵن" ( ئەبریشەمی: ؟: 171-172). لە سەردەمە کۆنەکاندا ئەگەر بەرگریکردن لە ئازادی جۆرێك بێت لە پاراستنی ئازادی سروشتی و هەستکردن بێت بە پێویستی پاراستنی مافی خاوەندارێتی، ئەوا لە سەردەمی تازەدا، چەمکی ئازادی بە ئاگاییەوە وەك پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. چونکە بەر لە سەدەی بیستەم "ڕاپەڕینەکانی کورد لە چەرخی نۆزدەدا خاوەنی ڕێکخستنێکی سیاسی و بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی نەبوون.... توێژی ڕووناکبیری نوێخواز لە سەدەی بیستەم بەملاوە، هەروەك ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی دیکە، دەستییان کرد بە پێکهێنانی چەند ڕێکخراوێکی سیاسی و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، کە جاروبار نیوە فەرمی و جاری واش نهێنی بوون".( شەرەفکەندی: 2012: 44). لە پێش جەنگی یەکەمدا کوردەکان دەستییان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی سیاسی بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و پێکهێنانی کۆمەڵ، کە خەریکی خەبات بێت لە پێناو ڕزگاربوونییان. ئەوان یەکەم ڕۆژنامەیان بە ناوی( کوردستان ) لە ساڵی 1897 لە قاهیرە دەرکرد، چەندین کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەڵەی ڕۆشنبیرییان دروستکرد، بۆ بڵاوکردنەوەی نوێخوازی و زانست وپێشخستنی کورد" ( قەفتان: 2004: 269) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە لە کوردستانی باشوور لە ساڵی 1919 دا، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و

کۆمەڵایەتییەوە، لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بڕوانە ( میسری: 2004: 68-86). هەروەها بڕوانە ( بێشکچی: 2019: 192-204)

جۆن ستیوارت میل" لە کتێبی " لە بارەی ئازادییەوە On Liberty" - بەر لەوەی باس لە سەرهەڵدانی حکومەتی دیموکراسی بکات، لە بەشی یەکەمدا مێژووی ململانێی نێوان تاك و دەسەڵات دەخاتەڕوو . باس لەوە دەکات چۆن لە سەرەتادا خەڵك دژی دەسەڵاتی پاشاکان بوون ، لە دوایشدا دەسەڵاتی زۆرینە جێگای دەسەڵاتی پاشاکانی گرتەوە. لەوێدا مانای ئازادی لە سەردەمە دێرینەکاندا بەوە ڕوونده‌کاتەوە کە لەو کاتەدا " ئازادی، مانای پاراستنی تاکەکان لە ستەمی فەرمانڕەوایی دەگەیاند، چونکە چەند فەرمانڕەوایەکی میللی - یۆنانەکانی لێ دەرچێت- باقی فەرمانڕەواکان خۆیان هەر لە بنەڕەتەوە نەیاری ڕەعیەتەکانیان بوون".(میل: 2016 :5) لەمەوە خەڵکی نیشتمانپەروەر جگە لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ستەمکاریی فەرمانڕەواکان، زیاتریان نەدەویست، نینۆککردنی فەرمانڕەوا، مانای ئازادی دەگەیاند، لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا دوو ڕێگەیان گرتەبەر: یەکەمییان ناچارکردنی فەرمانڕەوا بوو تا پەیمان بدات بە ناوی ئازادییەکانەوە، چەند مافێکی سیاسی بپارێزێت...ئەگەر فەرمانڕەوا ئەم سنوورانەی بەزاند، ئەوا خەڵك بۆی هەیە بەرەنگاری ببێتەوە، یاخود لێی ڕاپەڕێت. دوای ماوەیەکی تری زەمەنی پێویستی کرد ڕێگەیەکی تریش بگرنەبەر، ئەویش دانانی سنوورە دەستوورییەکان بوو. ( میل: 2016 : 6 - 5) بە ئامانجی هێنانەدی ئازادی سیاسی کە مافی بەشداریکردنی تاك لە بڕیارە گشتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی دەگرتەوە. لایەنەکەی تریش بەرقەرابوونی ئازادی کۆمەڵایەتییە، کە مافی هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕە.

" میل " لە درێژەی بۆچوونەکانی سەرەوەیدا ئەوە ڕوونده‌کاتەوە، سەرەڕای سەرهەڵدانی سیستەمی دیموکراسی و باوەڕبوونی خەڵك بەوەی فەرمانڕەوا لە خۆیان جیا نییە، بەڵام ئەمە واینەکرد ستەمکاری زۆرینە ڕوونەدات، چونکە دەستەواژەکانی -خۆ بە ڕێوەبردن و دەسەڵاتی گەل بەسەر خۆیەوە- گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە واقیعی حاڵ ناکەن، بەوەی مەرج نییە هەمووکات ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لەگەڵ ئەوانەدا کۆك بن کە ملکەچی دەسەڵاتن. جگە لەوەش دەرکەوت ئیرادەی گەل هیچ نییە، جگە لە ئیرادەی زۆرترین ژمارەی کەسەکان، مەبەست لە ئیرادەی زۆرینە، ئەوانەیە دەتوانن خۆیان وەك زۆرینە بناسێنن، لە ئەنجامی ئەمەشدا دوور نییە، گەل هەوڵ بدات زووخاو بکات بە گەرووی بەشێکی تریدا.( میل: 2016: 10) پاڵپشت بەم بۆچوونە، واقیعی سیاسیی مێژووی کورد و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، شایەتی ئەوەدەن ئەویتری دەسەڵاتدار، نەك هەر هەوڵی داوە زوخاو بکات بە گەرووی کوردا، بەڵکو وایکردووە ژیانی تراژیدی دیارترین سیمای ئەم گەلە بێت . ئەوەی وایکردووە هەوڵی ستەمکاریی بەوپەڕی جۆرەکانی ستەم بگەیەنێت، لە سادەترین دیاریکردندا ئەوەیە ئێمە وەك کورد هەرگیز بەشێك نەبووین لە هەمان ئەو گەلە دەسەڵاتدارەی، کە فەرمانڕەوایی ئێمەی پێ بەخشراوە. شیعری کوردیی ئەم قۆناغە شایەتی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدەن. (قانع) لە شیعری (شیوەنی نیشتمان) دا دەڵێت :

"هەور بەختی کوردستانە، شیوەن و گریان ئەکا
ناڵە ناڵی کوردەکانە جەرگ و دڵ بوریان ئەکا
دەنگی قیژوهۆڕی خەڵقە، دێت لە ژێر چەرخی زەمان
ئاهی مێردکوژراوی کوردە عالەمێ وێران ئەکا " ( قانع، :1979: 39)

لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کە دەوڵەتی عێراق لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی عەرەبی دادەمەزرێت..( شەرەفکەندی: 2012: 84) کورد نەك هەر لە چوارچێوەی یاسا حکومی و مەدەنییەکاندا ئەزموونی ئازادی سیاسی ناکات، بەڵکو ئەم ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەشی پێشێل دەکرێت کە "جۆن لۆك" لە چوارچێوەی مافی یاسا سروشتییەکاندا دەستنیشانی دەکات و دۆخی سروشت وەک حاڵەتێکی ئازادی و یەکسانی سروشتیی دەناسێنێت، چونکە " لۆک" ئازادی نەک تەنها وەک ئامانجێکی سیاسی، بەڵکو وەک بارودۆخێکی سروشتی و بنەڕەتی مرۆڤایەتی دەبخاتە ڕوو. لە نموونە شیعرییەکاندا ئەوە ڕوونده‌بێتەوە کە نەك تەنیا ئازادی سیاسی، بەڵکو ئەم ئازادییە سروشتییەی کە هەر مرۆڤێك هەیەتی، بە زنجیری مەینەتی بەند دەکرێت و هەناسەی ئازادی لێدەبڕن. لێناگەڕێن وەك ئەو مرۆڤە پاك و سروشتییەی لە دایکبووە بژیت و وەك ئەوەی هەیە، ئەزموونی مافەکانی ژیانی خۆی بکات .

لە ڕۆژێکۆ لە دایکبووم، بەپاکی بووم و خوڵقاووم
بەڵام چی بکەم؟ بە زنجیری ئەسارەت، بەند و خنکاوم ( قانع: 1979: 123)

لە بەرئەوەیە ئەرکی کوردەکان لە ئەرکی ئەو گەلانە قورستر دەبێت کە بۆ ئازادی مەدەنی و سیاسی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر تێدەکۆشن، چونکە ئەوان دەبێت هەم بەرگری لە ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونیان بکەن ، هەم لە ڕێگەی تێکۆشان و خەباتەوە هەوڵی ئەم ئازادییە سیاسییە بدەن، کە لە ڕێگەی یاسا و سیستەمی دیموکراسیدا، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و مافە مەدەنییەکانیان دیاریبکرێت .

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا هەر زوو کورد لە باشووری کوردستاندا، هەست بەوە دەکات لە دەستووری دەوڵەتی عێراقی تازە دامەزراودا، یاسای مافی پێکهاتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ڕووکەش بوونی هەیە. بۆیە ڕۆشنبیران و کۆمەڵانی خەڵك پێیانوابوو ئەوانەی وەك نوێنەرانی گەلی کورد دەستنیشانکراون نوێنەری ڕاستەقینەی گەل نین و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوونەتە نوێنەری کورد. هەر لەبەر ئەوەشە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکی گەورە لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی "1930" دا لەبەردەم دەرکی سەرای شاری سلێمانی دەستپێدەکات و قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ڕووداوە مێژووییە بڕوانە( ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە تاوەکو ڕووداوەکەی بەردەرکی سەرا، 1996).

(گۆران) ی شاعیر ئەم ڕووداوە واقیعی و مێژووییە، لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی"شەهید" دەگێڕێتەوە و ئامانجی گەل لە "ویستنی حەق" دا دەستنیشان دەکات. بۆ ئەمە دەڵێت "غریوی ویستنی حەق، کەوتە ناو شاری سلێمانی" (گۆران:1980: 265) هەروەها هۆکاری پشت نارەزایەتییە جەماوەرییەکە لەوەدا ئاشکرا دەکات، کە گەلی کورد بە سیناریۆی هەڵبژاردنی ساختە ڕازیی نابێت، هەر وەك چۆن بەو نوێنەرانە ڕازیی نییە، کە گوایە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن، چونکە مەبەستی تریان هەیە و ئەوان دەستییان لە داوێنی نیشتمان بەرداوە:

" ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمسیلی ڕەئیی کەن؟
حوکومەت! ئێمە کوردین، وائەڵێین: (( نامانەوێ نوواب
کە داوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست، وەتەن بەردەن!
نەکەی، مەشروع نییە.. دەرکە لە سەر سەودایی ئینتیخاب " ( گۆران:1980: 265)

شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەوە تێگەیشتن، مەبەست لە ئازادی سیاسی، بە تەنیا هەر ئەوە نییە گەل یاخود تاك، لە ستەم و زۆرداریی ئەویتر ڕزگاری بێت، بەڵکو ئەوەشە مافی بەشداریکردنی لە بڕیارە گشتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی و دامەزراندنی ڕێکخراو و پارتی سیاسیدا هەبێت و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی، مسۆگەر بێت. کوردەکان لەوپەڕی بێ ئومێدیدا ڕۆژ بە

ڕۆژ زێدەتر دەرك بەوەدەكەن هیچ كام لە جۆرەكانی ئازادییان بۆ بەرقەرار و مسۆگەر نابێت. لەبەر ئەوەیە " شیعری سیاسیی كوردی بە پێی ئەو قۆناغ و پلە و پایەیە لە مندالدانی باروودۆخەكەدا لە دایك دەبێ و بە پێی ئەو قۆناغانە سیما و ناوەڕۆكی شیعر دەگۆڕێت" ( ئاگرین: 1996: 21) لەوێوە شیعر دەبێتە سەكۆیەك بۆ بانگی خەبات و هەوڵ و تێكۆشان.

( بێكەس) ی شاعیر لە كۆتا دێڕی شیعری (فكری سەركەوتن) دا لە پێناوی مافی ئازادیدا داوای هەوڵی دڵسۆزانە و تێكۆشانی كرداری دەكات و دەڵێت :

"گەر بە دڵ بێت و هەوڵدەین بۆ تەرەققیی قەومی كورد
نائیلی جێگە و حوقووقی خۆی ئەبێ ئەم میللەتە
هەوڵ و تێكۆشین بە تەنها هەر بە دەم كەڵكی نییە
گرمە گرمی هەوری بێ باران، نیشانەی زەیفەتە" ( بێكەس:1986 :53)

شاعیر لە ڕێگەی وێنەیەكی هونەریی جوانی شیعرییەوە پێماندەڵێت، ئەگەر ئومێدی سەركەوتنتان تەنیا بە قسە و گوتارەوە پەیوەست بێت ، ئەوا هەوڵەكانتان وەك گرمە گرمی ئەو هەورە بێ بارانە وایە، كە بەرەكەتی دابارینی لەگەڵدا نییە، تەنیا هات و هاواری دەبێت و نیشانەی دەستەوەستانی و مەینەتی پێوە دیارە، لەبەر ئەوە ئەگەر فكری سەركەوتنمان هەبێت، لە بە دەستهێنانی ماف و هەقە نەتەوەییەكانی كورد، ئەوا دەبێت دەست بە خەبات و تێكۆشانی كرداری بكەین.

كەواتە با بزانین ڕێگەی ئەم خەبات و تێكۆشانە كردارییە بۆ بە دەستهێنانی ئازادی ، بە چ ڕێگەیەك دەستنیشان دەكرێت؟

### 2.1 هاندانی خوێندەواری و زانست وەک ڕێگایەک بۆ ئازادی

ئەگەر سەرنجی قۆناغی شیعری تازەی كوردی - لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم- بدەین ، ئەوا دەبینین شیعر شا ڕێگەی پەیامی بانگی ئازادییە. "هەڵبەست بووەتە بانگەواز و وتەی ڕاپەڕینی ڕێڕەوی كاروانی ڕەنجبەرانی گەلی كورد، كەهەردەم بەرەو پێشكەوتن و ئازادی مل ئەنێ، ڕۆیشتنێك كە:

بڕۆین بەرە و ئامانجی دوور
ئازا و جەسوور
تاكو یەك یەك ئەم كۆتانە
كۆتی دیلیی ئەم ژیانە
ئەپچڕێنین..!! " ( شارەزا: 2016: 77)

لێرەدا ئامانجی گەیشتن بە ئازادی وەك ئامانجێكی دوور دەبینرێت، چونكە پێویستی بە بڕینی ڕێگەیەكی سەخت و ئازایەتی هەیە، تا بتوانێت یەك بە یەك زنجیر و كۆتی دیلی ئەم ژیانەی كە هەیە بپچڕێنرێت.

لەم قۆناغەدا گەیشتن بە ئازادی بە دوو ڕێگە دیاریدەكرێت، كە هەر دوو ڕێگەكە یەك ئامانجی دیاریكراویان هەیە، یەكێكییان گرتنەبەری ڕێگەی زانین و بەرزكردنەوەی ئاستی زانست و زانیارییە. ئەویتریشییان بەرەنگاربوونەو و پێویستی شۆڕش و قوربانیدانە .

( ف. بێكەس) لە شیعری "سەدەی بیستەمە" هەرزوو كوردەكان لەوە ئاگادار دەكاتەوە كە ئەم سەدە تازەیە پێویستی بە ئاگایی و زانست و هەوڵدانە. لە بەر ئەوەی كورد نەتەوەیەكی بێپشتیوانە، گەر لەم ڕێگەیەدا تێنەكۆشن، حاڵییان پەرێشانتر دەبێت .

"سەدەی بیستەمە، كوردە غیرەتێ
لە خەو ڕاپەڕە، هەوڵێ هیمەتێ
بەسییە نەزانی عیلم و سەنعەتێ ( بێكەس:1986 :68)

یان دەڵێت: " ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە – عالەم شەو و ڕۆژ وا لەفەرمانە) (بێكەس:1986: 36)

لە نموونەیەكی تری شیعریدا بۆ لاوانی وەتەن شاعیر دەنووسێت :

"لاوانی وەتەن غیرەتێ بكەن
دەی هەستن لە خەو
وا بەسەرچوو شەو
نەما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرسەتە ڕۆژی هیمەتە". ( بێكەس:1986 :54)

( بێكەس ) لە ساڵی (1928) دا لە شیعری (ئامۆژگاری بۆ میللەت) دا ڕاستەوخۆ داوا لە میللەت دەكات ڕێگەی نەزانی بەربدەن و ڕێگەی زانین بگرنەبەر :

"ڕێی نەزانی بەربدە و ڕێگەی مەعاریف بگرەبەر
نیشتمانت زۆر كەساسە و ، ژینی هەر غەمبارییە" ( بێكەس:1986 :54)

بە هەمان شێوە (شێخ نووری شێخ ساڵح) كە یەكێكە لە پێشەنگەكانی نوێكردنەوەی شیعری كوردیی ناوەڕاست، لە شیعری ( هاواری وەتەن) دا كە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دا لەساڵی 1925 بڵاویدەكاتەوە، هەمان بۆچوونی هەیە و هەمان ڕێگە دەستنیشان دەكات. لە سەر زمانی وەتەن دەدوێت و دەڵێت: من ئەو دەرەختەم بە زانست و هونەر، خزمەتم بكەن .

"ئاوەدانی من و خزمەتی من ،عیلم و فنوونە
تەحسیلی مەعاریف، سەمەر و قیمەتی ژیانە" ( ساڵح: 2008: 211)

ڕۆشنبیرانی ئەم قۆناغە سەرنجی تەواوییان دەخەنە سەر ئەوەی كۆمەڵانی خەڵك بە ئاگا بێن و دەرك بە ڕزگاری و مافە تاكەكەسی و نەتەوەییەكانییان بكەن .

لە خەو ڕاپەڕە، هەستە بەیانە
كاتی هۆشیاریی و هەوڵی ژیانە
تەیری بەندكراو بە تاریكی شەو
ڕزگارن لە چنگ كۆتی سەختی خەو
پەرتی ئاسمان و زەمینن بەڕەو
بۆ ئەوەی بژین ژیانێكی نەو.. (شارەزا، 2016:43)

شاعیر داوا لە میللەت دەكات لە خەوی غەفلەت بە ئاگا بێن، هەر وەك چۆن باڵندەكان لە تاریكی شەو ڕزگارن، ئازادانە بە ئاسماندا دەفڕن و بە زەمیندا ڕەودەكەن، بۆ ئەوەی لە ڕۆژێكی نوێدا بە ژیانێكی نوێ بژین . خەونبینین بەو ژیانە نوێیە بۆ كورد، ژیانی ئازادی سیاسیی و جوگرافییە.

"نەما ئەو ڕۆژەی تۆ بەئاسانی
بتوانی بژی بە شادمانی
"تۆ كە قەومێكی بێ پشتیوانی
گەر تێنەكۆشی زۆر پەرێشانی
هۆش و بیرت بێ.. پیاوی ژیرت بێ..
لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟" ( بێكەس:1986 :68)

لەم نموونە شیعریانەی سەرەوەدا هەریەك لە چەمكەكانی (ڕزگاری، سەربەستی) لەگەڵ چەمكی ئازادی و ویستی سەربەخۆیی سیاسیی تەماهی دەكات. شاعیر بە شێوەی پرسیار لە نەتەوەكەی دەپرسێت، بۆچی لە بری سەربەستی، زنجیرت لە پێ بێت؟ ڕزگاربوون لە زنجیری پێیەكان، ڕزگاری جەستەی خاك و ئازادی كیانی

سیاسی و نەتەوەیی دەگرێتەوە. یەکێك لە ڕێگاکانی پساندنی ئەم زنجیرە، بە برەودان بە خوێندەواری و پێشکەوتنی زانین و زانستیی سەردەمی تازەوە، گرێی دەدەن .

### 3.1 دەنگی ئازادی شیعریی کوردی پەیوەست بە خەباتی سیاسی و تێکۆشان

خەباتی سیاسی بۆ ئازادی لە دژی کۆت و بەندە دەرەکییەکانی وەک سیستەمی پاوانخوازی و کوشتن و سەرکوتکردن، ناچارانە پەیوەست دەبێت بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی دەستە جەمعییەوە. جۆن لۆک لە "نامەی دووەم لەسەر فەرمانڕەوایی ((Second Treatise of Government) "دا کە باس لە شۆڕش و مافی بەرخۆدان دەکات، بە تایبەت لە بەشی نۆزدەهەمدا لە سەر مافی شۆڕش دەدوێت و ڕەوایەتی بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی ستەم دەدات. پێیوایە کاتێک حکومەتێک دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکاردەهێنێت، گەل مافی خۆیەتی لەم دەسەڵاتە ڕزگاری بێت ، چونکە لەم حاڵەتەدا، پەیمانی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدا نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە. هاوڵاتی مافی ئەوەی هەیە بیڕوخێنێت. (لوك: 1959: 273) چونکە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە واتە لە ڕێگەی شۆڕشەوە چاکسازی سیاسی بکرێت و کۆتایی بە ستەم زۆرداری بهێنرێت .

دوای ئەوەی "لە ساڵی 1920 دا پەیمانی سیڤەر مۆرکرا، لەم پەیمانەدا وا بڕیاربوو دەوڵەتێك بۆ کورد دابمەزرێت، بەڵام کوردەکان لەم بڕیار و پەیمانە هیچ سوودێکییان وەرنەگرت و هەموو پەیمان و خەونە نەتەوەییەکانییان هەڵوەشایەوە. ( قەفتان: 2004: 270-271) ئەمە کوردەکانی لەوە دڵنیا کردەوە ، بە بێ جۆشدانی هەستی شۆڕشگێڕی و بە بێ هەڵبژاردنی ڕێگەی خەباتی فیزیکی، گەیشتن بە ئازادی سیاسیی مەحاڵ دەبێت. ئازادی دەبێتە ئەو خەونەی چاوەڕێی فریادرەسێکە لە ڕێگەی خەباتەوە بیهێنێتە سەر زەمین، ئیدی ئەم فریادڕەسە من بم یان ئەویتری بەرامبەر بێت، هیچ لە جۆری خەونەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوەی لەم خەونەدا نەگۆڕە ئەوەیە ئازادی ئەوەیە کە لە مشتی داگیرکەرێك، دوژمنێك، نەریتێك، کەسێك ، ڕەقیبێك، زاڵمێك.. دا گلدراوەتەوە. ئەم تێڕوانینە کە بەها و پیرۆزی دەدات بەم فریادڕەسە، بە قووڵایی ڕۆشنبیری و پەروەدەی گشتیی ئەو قۆناغە و قۆناغەکانی دواتردا، دەچێتەخوار. بە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە لە خەبات و تێکۆشان، پێویستی بە هەست و سۆز و ئیرادەی کۆمەڵێکی خرۆشاو و وزە و هێز هەیە .

بێخودی شاعیر لە ساڵی ( 1922) دا لە شیعرێکیدا لە سەرزمانی "دایك"ە وە دەنووسێت :

"شیرەکەم حەڵاڵتان بێ، ڕۆژی هیمەتە
ڕۆحەکەم فیداتان بێ، وەختی غیرەتە ( بێخود: 1970: 138)

....
ئەو کەسانەی جەبانن
مەعنای ژیان نازانن،
مردنی لە ڕێگەی میللەتا
چاکترە لە ژین لە زیللەتا " ( بێخود: 1970: 138)

لێرەدا بانگی لاوەکان دەکرێت بۆ ئەوەی لە بری ئەوانی تر، بە کاری شۆڕشگێڕی و تێکۆشان هەڵسن. هەنگاو بە هەنگاو ئەم پەروەردە سایکۆنەتەوەییەی پڕە لە هەست و سۆز و خرۆشان و ویستی فیداکاریی، بە تەواوی جێدەگرێت.

"وەتەن! گیان و سەرو ماڵم فیدای تۆ
وە گیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ
لە پێناوت دەنێم سەر، تابزانی
منم ڕۆڵێکی ئازا و بە وەفای تۆ" ( هێمن:2012: 102)

لەم روانگەیەوە (زەینەب خان- کچە کورد) لە شیعری ( سڵاو بێ سڵاو - 1939) وەسفی ئەو لاوانە دەکات کە بە ئەرکی ئەمجۆرە لە خەباتی چەکداریی و شۆڕش هەڵدەستن، ئەوان ئەو شۆڕشگێرە فریادرەسانەن کە ئامانجییان ڕزگارکردنی کوردستانە، کەواتە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە هۆشیاربوون بە ئازادی تاکەکانی لێناکەوێتەوە،بەڵکو نەجاتدان یان ڕزگارکردنی خاکی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەوانەی لە بری ئەوانی تر، بەم کارە شۆڕشگێرییە هەڵدەستن، کورەی خەباتییان جۆش دەدرێت و هاندەدرێن و وەك کەسانی ئازا و کۆڵنەدەر و بەجەرگ وەسف دەکرێن.

سڵاو بێ لە لاوانی کورد، لاوانی ئازا و کۆڵنەدەر
لاوانی مەرد و بە جەرگ و نیشانەشکێنی تێکۆشەر ( دیوانی زەینەب خان: 2017: 100)

هەنگاو بە هەنگاو پرسی ئازادی سیاسی پەیوەست بە خەبات، وەك مۆتیڤێکی هەرە دیاری ئەم قۆناغەی شیعری کوردی فۆرموله دەبێت. ئەم تێگەیشتنە وادەکات یەکێك لە بە ناوبانگترین شیعرەکانی ( فایەق بێکەس) بە ناونیشانی (داری ئازادی) ببێتە مانفێستی خەباتی کورد و وێردی سەرزمانی قۆناغێکی دوورودرێژ. لەم شیعرەدا پرسی ئازادی وەك درەختێك وێنا دەکرێت، کە دەبێت بە خوێن ئاو بدرێت، ئەگەر نا ئەم درەختە هەرگیز بەرناگرێت .

" داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا
هەر( بڕووخێ) بەس نی یە ، تاکو نەسەنرێ نادرێ" ( بێکەس: 1986 :82)

لێرەدا ئەو بڕوایە بە تەواوی جێگیر دەبێت، ئاودانی درەختی ئازادی بەبێ خوێنی قوربانیدان سەرناگرێت و بەری سەربەخۆیی نادات، چونکە ئەوەی ئامانجی بەرگرتنی داری ئازادی هەیە، دەبێت لە مردن سڵ نەکاتەوە، چونکە دروشمی بڕووخێ بەس نییە، ئازادی دەسەنرێت، نادرێت. ڕێگەی سەندنی ئەم هەقە ڕێگەی مردنە، وشەی پێشمەرگە ش لە هەناوی ئەم تێگەیشتنەوە هاتۆتەدەر، کە بۆ ئەو کەسە ئازادیخوازانە بەکاردێت، ئامادەیی ئەوەیان تێدایە، پێشی مەرگ بکەون و بە خوێنی خۆیان داری ئازادی ئاو بدەن .

لێرەدا جگە لەوەی هەڵبژاردنی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادیمان بۆ ڕووندەبێتەوە، مانای ئازادی لەم قۆناغەدا بەوە دیاریدەیکرێت، شتێکە لە دەرەوەی مرۆڤ، لە دەستی ئەویتر دایە و ئیمکانی بە دەستهێنانیمان هەیە، لە ڕێگەی خەبات و قوربانیدان و بەرخودانەوە. ئەو کاتەی وەك بابەتێکی واقیعی و سیاسی بیر لە ئازادی دەکەینەوە یاخود ئازادی وەك دەستکەوت و پێدراوێکی واقیعی دەبینین، ئەوا قۆناغی پێش گەیشتن بەم دەستکەوتە قۆناغی خەون بینینە بە ئازادییەوە .

کەواتە لەم قۆناغەدا ئازادی وەك خەونێکی بەدینەهاتوو، خۆی لە ئاوێنەی جەستەی خاکێکی داگیرکراودا دەبینێتەوە. ئەم خاکە پێویستی بە قوربانیدان و خوێنی فیداکارانی نیشتمانە. ئازادی سیاسی بە مانا مەدەنی و فراوانەکەی، لەگەڵ ماناکانی تری وەکو سەربەخۆیی و ڕزگاری و سەربەستی خاك، تەماهی دەکات و لە بۆتەی تێگەیشتنێکی دیاریکراودا، وەك هاوواتایەکی ئامانج دیاریکراو دەردەکەون. - بۆ نموونەی شیعری زیاتر سەبارەت بەم تەماهیکردنە واتاییانە، (بڕوانە: دیوانی گۆران: 1980:

402- 401 ) ( قانع 123).دیوانی هێمن 102 )

لە کۆپلەیەکی تری شیعری (داری ئازادی) دا ، شاعیر ئاماژە بەوە دەدات راستە میللەت لە ناو ئەم سیستەمە دەرەکییەدا گیری خواردووە و بەند کراوە، بەڵام باوەڕتان بەوە هەبێت کە ڕۆحی ئازادانەی میللەت هەر زیندووە و نامرێ .

بە گشتی شاعیر و ڕۆشبیرانی ئەم قۆناغە شیعرییە لەوە دڵنیا دەبنەوە، ئەگەر دەتەوێت چاکسازی لەم نیشتمانەدا بکەیت، ئەوا لەوە دڵنیابە کە بەبێ شۆڕش ناکرێت .

"کورد ئەگەرچی موددەتێکە دیل و داماوە، بەڵام
باوەڕت بێ ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ نامرێ
تۆ ئەگەر ئیسلاحی قەوم و نیشتمانی خۆت ئەوێ
لێت موحەققەق بێ بە بێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ
بیری ئازادی جیهانی گرتەوە، توخوا بەسە
ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیممەتێ کەن لابرێ " ( بێکەس: 1986 :82)

لە دێڕی کۆتاییدا کە باس لە بیری ئازادی دەکات، ئاشکرایە لە ئازادییەکی ڕێکخراو دەدوێت، کە لە سیستەمی دیموکراسیدا بوونی هەیە، نەك لە سیستەمی پاشایەتی و دیکتاتۆریدا. کە لەو سەردەمدا باڵا دەست بووە. بۆیە شاعیر ڕێگەی شۆڕش و قوربانیدان بەو تاکە ڕێگەیە دەبینێت، ئەم سیستەمی ژیانکردنە ژێر دەستەییەی کە هەیە، بەبێ هیممەتی هەڵگیرسانی شۆڕش مەحاڵە بگۆڕدرێت. هەر لە بنەمای ئەم تێگەیشتنەوە ( قانع ) ی شاعیریش بە هەمان شێوە دەڵێت: بە بێ شۆڕش و جووڵە ، سەد ساڵ بگرییەی پاڕانەوە و گریان سوودی نییە، چونکە نەمامێك بە خوێن ئاوی نەدەی، لە بری ئەوەی بەرهەمی هەبێت، تەنیا دڕکە زی دەگرێت .

"بێ تەکان سەد ساڵ بگریەی، بێ سەمەر داری بی یە
هەرنەمامێ تۆ بە خوێن ئاوی نەدەی دڕکی ( زی) یە" (قانع: 1979: 210)

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا ئەم هێزی بەرەنگاربوونەوە و بەرخودانەی کورد، لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا ڕەوایەتی پێدەدرێت؟ هەڵبەتە نەخێر، ڕەوایەتی بە خەباتی کورد نادرێت. لەگەڵ ئەوەشدا "جۆن لۆک" وەك ئەوەی ئاماژەی پێدرا، بەرەنگاربوونەوەی ستەم بە ئاژاوە نابینێت. بەڵکو وەک پێویستی گەڕاندنەوەی ئازادی سروشتی و ئازادی مەدەنی دەیبینێت. جیاوازی نێوان حوکمڕانی ڕەوا و ستەمکاری، بەوە دیاریدەیکات کە حکومەتی یاسایی لە سەر بەمای ڕەوایەتی دامەزراوە و پەیوەستە بە ڕەزامەندییەوە، لەکاتێکدا ستەمکاری پەیوەستە بە هێزەوە. هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان نەك بەم حوکمانە ڕەزامەند نەبوونە، بەڵکو لە مێژوویان پڕە لە ناڕەزایەتی دەربڕین، بەرامبەر ئەمەش گەورەترین هێزیان ڕوو بەڕوو کراوەتەوە. لەم ڕووەوە ئەگەر چاو لە بەڵگە واقیعییەکانیش بپۆشین و سەرجەم بەڵگە مێژوویەکانیش لە ناو ببردرێت، ئەوا شیعر و ئەدەبیاتی کوردی شایەتی بۆ ئەم مێژووە سەختە دەدەن، کە چۆن لە ژێرزەبری بە کارهێنانی هێز و چەکی کوشندە و ئەشکەنجەوە، کوردستان هەزاران ڕووباری فرمێسکی هەڵبەستووە .

" ڕۆیی- لە چاوی کوردستان فرمێسکی خەم
بێ تەماشاکەن – وەرن- هەزاران تانجەرۆ (قانع: 1979: 39)

کەواتە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان خەبات و بەرخودان بۆ مافی ئازادی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوان وەك ئازادیخوازێك سەیر ناکرێن، بەڵکو وەك ئەوە هێرشبەرە تێکدەرانە وێنا کراون، کە خەریکی یاسا شکێنی و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیین، هەر ئەم تێگەیشتنەیانە وادەکات وشەی (موخەریب- تێکدەر) ی عەرەبی بەرامبەر وشەی پێشمەرگە بەکاربهێنن، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە کورد، سوودیان لە بڕگە و بەندەکانی مافی مرۆڤ وەرنەگرتووە، لە سیستەمی سیاسی حوکمڕانی لیبڕاڵدا. بەڵکو سوودییان لە دیوێکی تری پرەنسیپەکان وەرگرتووە. بەوەی وەك بوونەوەرێکی دەرەوەی یاسا وێنا دەکرێن، کە زیان بە بەرژەوەندی میللەت و دەوڵەتی یەکگرتوویان دەگەیەنن .

" ستیوارت میل" کە باس لە سنوورەکانی ئازادی دەکات، پرەنسیپی زیان دەهێنێتە ناو پرسی ئازادییەوە، چونکە پێیوایە بە ناوی بە دەستهێنانی ئازادییەوە نابێت، زیان بە ئەویتر بگەیەنرێت. (میل:2016: 22) لەم بنەمایەوە ئەو دەوڵەت نەتەوە ناسیۆنالیزمانەی کوردیان بە سەردا دابەش دەکرێت، بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، بەبەرچاوی دنیاوە شەرعییەتی داسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و کلتووری و زمانی و کۆمەڵایەتیی وەردەگرن .

لە عێراق یان لە تورکیا کە مۆری ناسیۆنالیستی نەتەوەکەی لە نێوچەوانی دەوڵەتەکەی دەدرێت و زمانی فەرمی و سیستەمی پەروەردە، لە هەناوی ناسنامە نەتەوەییەکەیان دیاریدەکرێت، لەگەڵ ئەوەدا " خۆشی تەواو بە دەوڵەتی گەل دەزانێ، بە هۆی ژێر پێ خستنی مافی نەتەوایەتی کوردان، لە بەشێکی بەرفراوانی ئەم وڵاتەدا کە زێد و زەوی باوك و باپیرانیانە، ئەم هەرێمەی بە هێز و چەك و چەکدار تەنیوە.... ئەمە جگە لەوەی ئەگەر چی سێیەکی جەماوەری وڵات، کوردن، بەڵام بە پێی یاسا هەتا ئەم دواییانە پێیان دەوترا تورکی کێوی، هەرکەس گوتبای کوردم یان کورد هەیە، تاوانبار دەکراو دەخرایە زیندانەوە. (ئەبریشەمی : ؟ : 41،31) لەگەڵ ئەم هەموو ئەشکەنجەدان و ڕەنجەڕۆیی و حەسرەتەدا، پێداگری لە شوناسیی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و "هێمن" وتەنی هێشتا دەڵێن کوردم ئەمن.

" گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەرد باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن (هێمن:2012: 95)

جا ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا بەدیهاتنی خەونی ئازادیی سیاسی و جوگرافی، وا لە تاکەکان دەکات ناوەکییانە ئازادبن و بەرپرسیارییەتی مرۆییان وەك ئەزموونێکی ناوەکی و ئۆنتۆلۆجی بگرنەئەستۆ؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا ئازادیی فیزیکی بەڵگەیە لەسەر پێگەیشتنی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە، تاچ ڕادەیەك ئازادی سیاسی و جوگرافی دەرخەری هۆشیاریی تاکەکانە و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پێگەیشتنی مرۆڤ و پاراستنی مرۆڤبوونییەتی؟

## 1.2 چەمکی ئازادی وەك ئەزموونی ناوەکی

بنەمای ئەم ئازادییە ناوەکییە جیاوازە لەو ئازادییە فیزیکییەی ڕوانگە سیاسی و واقیعییەکە دیاریدەکات. لێرەدا مانای ئازادی بەر لە هەرشتێك هۆشیاربوونی مرۆڤە بە خۆی، پەیوەستە بە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتییە ئاکاری و بنەڕەتییەکان. مافێك نییە ئێمە یان هەرکەسێکی تر وەك فریادرەسێك بتوانێت لە ڕێگەی خەباتی فیزیکی و هێزەوە وەك پێدراوێك بە دەستی بهێنێت .

" ئیمانوێل کانت" لە نووسینە فەلسەفییەکانیدا جیاوازی دەکات لە نێوان ئازادی وەک ئامانجێکی سیاسی و ئازادی وەک هۆشیارییەکی ئاکاری. لە کتێبی( دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار) دا بە وردی باس لە ئازادی دەکات وەک بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و هۆشیاری ناوەوەی مرۆڤ. ئەم ئازادییە لەسەر بنەمای بیرۆکەی ویستی چاکە و سەربەخۆیی ناوەکی دادەمەزرێت. کانت ئەوە ڕووندەکاتەوە ئازادی ڕاستەقینە ئەوە نییە مرۆڤ ئەوەی پێی خۆشە بیکات، بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ لە ناوخۆیدا لە خواستە

هەرەمەکییەکانی ئازاد بێت. ئەوکاتە ئازادی دەبێتە پێشمەرجی کردەوەی ئاکاری، کە سەرچاوە لە ویستی چاکەوە دەگرێت، لەبەرئەوەی لە خۆیدا چاکە، نەك لەبەر ئەوەی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بە کەڵکە. (کانت: 2007: 20).

ئازادیی وەك بەرپرسیارییەتی، ئاماژەیە بۆ هۆشیاری و توانا ناوەکییەکانی مرۆڤ، بۆ مامەڵەکردن بە پێی فەزیلەت و یاسا بنچینەییە ئاکارییەکان، کە لە هۆشیاری ئێمەدا ئامادەیە، سەربەخۆ لە بەرژەوەندی و کاریگەرییە دەرەکییەکان. کانت پێیوایە "ویستی ئازاد بە بێ چەند و چوون ئەوەیە، کە رێ و شوێنەکەی و دەرەنجامە کردەییەکانی هەمیشە دەتوانرێت لە خۆیدا وەك یاسایەکی گشتی سەرنج بدرێت" (کانت: 2007: 104) بە دیاریکراوی لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات چەمکی ئازادی کلیلی روونکردنەوەی سەربەخۆیی - ئۆتۆنۆمی -ئیرادەیە، بەمەش ئازادی بریتییە لە توانای دیاریکردنی سەربەخۆیی من لە کاریگەرییە دەرەکیی و مەیلە بەرژەوەندگەراکان. (کانت: 2007: 103- 104) ئازادی بە توانای تاک دەبینێت کە بەپێی بنەما ئاکارییە گەردوونییەکان، لە سەر بنەمای ئیرادەی عەقڵانی خۆی مامەڵە بکات، لە کاتێکدا ئازادیی سیاسی لە چوارچێوەی یاسا و نەزمی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، پەیوەستە بەو هەلومەرجە دەرەکییانەوە کە دەتوانن دەست بە سەر کارایی تاکدا بگرن یان نەیگرن. بەمپێیە کاتێك ئازادی تەنیا ویستی ڕزگاربوونە لە ستەمی دەرەکی، ناتوانێت توانای ڕەفتارکردنی ئەخلاقیی تاك مسۆگەر بکات، و لە سەر بنەمای یاسا ناوەکییە عەقڵانییەکان، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بونیاد بنرێت. ( شکستی قۆناغی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسی، بەڵگەی ئەم بۆ چوونەن. بڕوانە ( نوار و نعنعي: 2014: 125)

بەپێی بەدواداچوونی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی لە شیعری کوردیی- نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە هۆی واقیع و بارودۆخی سیاسی کورد و زاڵبوونی مانای سیاسیی ئازادی، چەمکێکیدیاریکراوە و لە بۆتەی ئازادی فیزیکیدا مانای پێدەدرێت، چەمکی ئازادی، وەك هۆشیارییەکی عەقڵی گوزارشتی لێناکرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە شیعریی کوردی قۆناغی دیاریکراودا، کردە و فەزیلەتە ئاکارییەکانی مرۆڤ بیریان لێناکرێتەوە، بەڵکو ئاکار و بەرپرسیارییەتیە مرۆییەکان، لە تێگەیشتن و بنەمای تری وەك نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، شیعرە پەند ئامێزەکانی پیرەمێرد سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. وەك ئەوەی لە بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، چەمکی ئازادی لە گۆشەنیگای سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

کاتێك ئەم تێگەیشتنە بە هەناوی پەروەردەی نافەرمیدا شۆڕدەبێتەوە، ویستی ئەمجۆرە لە ئازادی دەبێتە دیاریکەری کردەی ئاکاری و نائاکاری تاکەکان. واتە تاکی ئاکاریی و هۆشیار بەو کەسە پێناسە دەکرێت، کە فیداکاری خەونە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانە. بەپێچەوانەوەش کەسی نائاکاری ئەم کەسەیە خەمی میللەتی نییە (ئەو کەسانە هیچ و پووچن، وەزن و مەعنایان نییە. باڵ و باڵایان لە بەرگی شەرم و ناموس عارییە). (بێکەس: 1986: 228) - ئەم تێڕوانینە لە چەندین نموونەی شیعری تردا فۆرمۆلە دەبێت .

### 2.2 تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتی ئاکاری

ئازادی خاك و سەربەستیی سیاسی، بەبێ تاکێکی ئازاد و هۆشیار، بەبێ تێگەیشتن لە ئازادی بە مانا ئۆنتۆلۆجی و ڕیشەییەکەی وەك هۆشیاریی و بەرپرسیارییەتی ئاکاری، بەرهەمەکەی جەنگی بەرژەوەندییەکان و دارمانی پەروەردە و گەندەڵی لێدەکەوێتەوە. سەرەداوی بیرکردنەوە لەم جۆرە لە ئازادییە ناوەکییە لە شیعرەکانی زەنەیب خان -دا بەدیدەکرێت و لە ڕزگاری خاك جیایدەکاتەوە. " زەینەب خادم سوجادە" یەکێکە لەو شاعیرانەی بە وردی مامەڵە لەگەڵ چەمکی ئازادی و ڕزگاری و سەربەستیدا دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ڕزگاری خاك، بە خەبات و تێکۆشانی فیزیکییەوە گرێدەدات (چەکی شەڕەف، هەڵدەگری بەبێ وەستان، تێدەکۆشی بۆ ڕزگاری کوردستان) ( زەینەب خان: 2017: 81) هەرچەندە چەمکی ئازادی سیاسی پەیوەست بە خاك و نیشتمان، پانتاییەکی بەرچاوی لە شیعرەکانی ناوبراو، دەگرێتە خۆی، بەڵام بە شێوەیەکی دیالێکتیکی چەمکی ئازادی شێوە دەگرێت و لە بیرکردنەوەی شاعیردا گەشە دەکات .

بۆچی نەگریم، وەکو هەوری بە هاران، بۆ نەسیمی ئازادی
شکۆفەی حەسرەتی گیانم، گاهێ مەستە، گاهێ لە سووتانە ( زەینەب خان: 2018: 80)

لە هەنگاوی یەکەمی ئەم وێناکردنەدا ئازادی لە بری ئەوەی بە هێمای خوێن و شاخ و گڕ و بڵێسە گوزارشتی لێبکرێت، دەبێتە شنەبایەکی ناوەکی لە ڕێگەیەوە ڕۆح شکۆفە دەکات، هەروەها لە نموونەی شیعری تردا، ئازادی بە هێمای شەوقی خۆشەویست، ڕووناکی ، ڕۆژ گوزارشتی لێدەکات .

بەهار نیشانەی ژیانە و
هەتاو نیشانەی ئازادی (زەینەب خان: 2018: 119 )
.........
کانیاوی دڵمە عەشق و ئازادی
دەیکا بە هەنگوین ئەم ژینە تاڵە (زەینەب خان: 2018: 141 )

لێرەدا دڵ سەرچاوەی مەیل و ئارەزوویەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو کانیاوێکە چاوگەی عەشق و ئازادییە، ئەو ئازادییەی لەم سەرچاوە ناوەکییەوە هەڵدەقوڵێت، هەنگوین ئاسا هێندە شیرینە ، کاتێك دەڕژێتە ناو ئەم ژینە تاڵە واقیعییەی کە هەیە، دەیکات بە هەنگوین و شیرینی دەکات، هەروەك چۆن ئاوی کانییەك وشکەڵانی دەوروبەری خۆی تەڕ و سەوزدەکات. ئەم گوزارشت کردنانە لە ئازادی، ئەگەر تەواو لە تێگەیشتنە دەرەکییەکەی پەیوەست بە نیشتمانیش نەپچڕابێت، ئەوا لە ڕێگەی هێماکانی " نەسیم و کانی و ڕووناکی و هەتاو و عیشقەوە" بەڵگەی تێپەڕاندنی ئەو تێگەیشتنە دەدەنە دەست، کە تێگەیشتنی گشتی سەردەمەکە ڕەنگڕێژ دەکات .

لە کۆتایی شیعری زوڵم دا تێڕوانینێکی قووڵتر سەبارەت بە ئازادی وێنا دەکات و دەڵێت: " زوڵم تاتەشۆری ئازادییەکانمانە"(زوڵم،:245) بەم مانایە ئازادی پەیوەستە بە کردەی ئاکاری مرۆڤەوە. کەواتە بەپێی لۆجیکی دێڕەکە، ئەگەر زوڵم کردن و ناهەقی کردن، ئازادی مرۆڤ لە ناو ببات، چاکبوون ژیانبەخشی ئازادییەکانمانە .

لە کۆپلەی یەکەمی شیعری ( مرۆڤ ) دا لە شێوەی پرسیاردا پێیاندەڵێت، نەهامەتی مرۆڤ لەوەدا نییە کە برسی و نەدارە ، بەڵکو نەهامەتی مرۆڤ لەوەدایە دۆخی دیلی و ئازادی خۆی جیانەکاتەوە. واتە هۆکاری کۆیلەبوونی مرۆڤ پەیوەندی بە هۆشیاریی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، نەك بە نەداری و هەژارییەوە، یان هەبوون و نەبوونییەوە .

مرۆڤ کە کۆیلە و برسی و نەدار بێ
داماوی دەرگا و دەستی زۆردار بێ
جیا نەکاتەوە دیلی و ئازادی
دەبێ ئەو کەسە لە کوێ هۆشیار بێ؟ (زەینەب خان: 2018: 155)

لە شیعری (ئازادی و ئازادی)یدا، ڕوونتر جەخت لە بنەما و ماهییەتی ئازادی دەکاتەوە. پەیوەستی دەکات بە کەرامەت و ئامانجە باڵاکانی مرۆڤەوە. بەم مانایە ئازادی بریتییە لە ئازادبوونی مرۆڤ لە ویستە هەرەمەکی و بەرژەوەندگەراکانی، ئەم هۆشیارییە وادەکات،ویستی چاکە وەك ویستێکی باڵا، لە کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا دەرکەوێت .

کەرامەتی ژیان
ئازادییە
کەرامەتی ئازادی
ئیمانە
کەرامەتی ئیمان
ئینسانە (زەینەب خان: 2018: 225)

کەواتە ئەگەر ئازادی عەقڵ، دیاریکەری جەوهەری هۆشیاری مرۆڤ بێت، ئەوا ئەم ژیانە ئازادە لە ساتەوەختی هۆشیاربەخۆبوونی مرۆڤدا چەکەرە دەکات، ئەم ساتەوەختەش هاتنەبوونی مرۆڤی بەرپرسیارە، بە مانا ئاکاری وعەقڵییەکەی. بەبێ لە دایکبوونی ئەم هۆشیارییە فکرییە و تاکی بەرپرسیار، لە ئاستە تاکەکەسی و نەتەوەییەکەدا، نەك هەر پرۆسەی ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بەڵکو کۆمەڵگە هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە ئازادیش بێت، بەرەو پاسیڤبوون دەچێت و لە خۆبونیادنان و پێشکەوتن دەکەوێت .

ئەنجامی دوایین لێکۆڵینەوە تایبەتەکان لەسەر واقیعی کوردستان، دەریدەخات ئەم هەرێمە دووچاری قەیران و گەندەڵی و نایەکسانی ئابووری بۆتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەکە هۆکاری ئەم بارودۆخە نەخوازراوە بەوە دیاریدەکات، کوردستانی عێراق لە ژێر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نیولیبرالیزم دایە، نیولیبرالیزمیش وەکو مۆدێلێکی زاڵی جیهانی، بۆ لاوازکردنی دەوڵەت یان حکومەت و زاڵکردنی بازاڕ، زەمینە ڕەخسێنە و هاندەری نایەکسانی ئابووری دەدات (kurdistsntimes.org. www)..لەپاڵ ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تردا، بەپێی توێژینەوەکەی ئێمە، یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی سەرجەم گەندەڵی و قەیرانەکان، دەرەنجامی نەبوونی هاوسەنگییە لە نێوان تێگەیشتن و بەرەو پێشچوونی ئازادی وەك ڕزگاری سیاسیی و ئازادی عەقڵیی وەك هۆشیاری و بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی . چونکە ئەوەی جەستەیەکی ئازاد و خاکێکی ئازاد دەپارێزێت و بونیادی دەنێت، بەر لە وەی هێزی سیاسی و ئابووری بێت، عەقڵێکی هۆشیار و ئازاد و بەرپرسیارە .

لە بنەمای لۆجیکی ئەم ڕاستییەوە ، شاعیر دەمێکە وتوویەتی :
عەقڵ دایکە، عەقڵ باوکە عەقڵ ڕەوڕەوەی ژیانە
عەقڵ مەنبەعی مەعریفەی تەعریفی زاتی ئینسانە (زەینەب خان: 2018: 44 )

هەر ئەوەشە مانفێستی ڕاستەقینەی ڕۆشنگەری. ڕۆشنگەری لای کانت بریتییە لە "دەرچوونی مرۆڤ لە ئیفلیبیجی عەقڵی ئەو دۆخەی تێیدا مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتەوە یان بڕیار بدات بەبێ ئەوەی پشت بە کەسانی تر ببەستێت." Was ist Aufklärung, 2016, 4-5) Kant ( لە بنەڕەتدا (ئیمانوئێل کانت) ڕۆشنگەری وەک گۆڕانکارییەکی قووڵ لە شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبینێت – گۆڕان لە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ عەقڵ و دەرچوون لە دۆخی بەژەوەندگەرایی و نەبوون بە کۆیلەی مەیل و ویستە ناعەقڵانییەکان. ئەمە نەك تەنها گۆڕانکارییەکی تاکەکەسییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە دەبێتە هۆی ئازادی ڕاستەقینە و پێگەیشتنی مرۆڤ و گەشەسەندنی سەرجەم سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

## ئەنجام

- شاعیرانی ئەم قۆناغە ئازادیی وەک خواستێکی بە کۆمەڵ، بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری و چارەنووسی سیاسیی نەتەوەیی پەیوەست بە خەبات و تێکۆشانی فیزیکیی دەخەنەڕوو. ئەم ڕوانگەیە شێوە دەدات بە دنیابینی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، لە چوارچێوەی ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی دواتریشدا .
- تێگەیشتن لە ئازادی وەك هۆشیاریی، لە چەند نموونەیەکی شیعریدا دەبینرێت، بەڵام وەك هۆشیارییەکی باڵا، بیرکردنەوەی ئەم قۆناغە ڕەنگرێژ ناکات.
- بە هۆی ستەمکاریی و پێشێلکردنی مافەکانیان، ئەرکی کوردەکان لە ئەرکی ئەو گەلانە قورستر دەبێت کە بۆ ئازادی مەدەنی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر تێدەکۆشن، چونکە ئەوان دەبێت هەم بەرگری لە ئازادییە سروشتی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونیان بکەن، هەم لە ڕێگەی تێکۆشان و خەباتەوە هەوڵی ئەم ئازادییە سیاسییە ڕێکخراوە بدەن، کە مافە سروشتی و مافە مەدەنییەکانیان مسۆگەر دەکات. کەچی خەباتەکەیان لە چوارچێوەی بنچینەکانی دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا، سەرکۆنە و تۆمەتبار کراوە و دەکرێت.
- لەم قۆناغەدا گەیشتن بە ئازادیی سیاسی بە دوو ڕێگە بیری لێدەکرێتەوە، هەر دوو ڕێگەکەش یەك ئامانجی دیاریکراویان هەیە و بە تەواوکەری یەکتری دەبینرێن، یەکێکیان بەرەودانە بە زانست و خوێندەواری، ئەویتریشیان ڕێگەی خەبات و پێویستی قوربانیدانە .
- تێگەیشتن لە ئازادی وەکو پرۆسەی ڕزگارکردن و خۆپاراستن، کە پێویستی بە خەباتی جەستەییە، ڕاددەی هەبوون و نەبوونی ، بە ڕاددەی هەبوون و نەبوونی هێزی ئەویتری دەسەڵاتدارەوە بەندە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەمجۆرە لە ئازادی ئازادییەکی پاسیڤە .
- دەست گەیشتن بە خەونی ئازادیی سیاسی، لە بەشداری کردنی چالاکانەی ژیانی سیاسی و ئازادی دەربڕین و هەڵسوکەوت، لە کایەی گشتیدا، بەڵگە نییە لەسەر گەیشتن بە ئازادی فکریی و پەیداکردنی هۆشیاریی بە یاسا عەقڵی و ئاکارییەکان. چونکە قۆناغی پێش گەیشتن بە ئازادیی سیاسی، قۆناغێکی خرۆشاوی پڕ لە هەست و سۆزە، هێندەی قۆناغی خەونبینە بە ئازادی، هێندە قۆناغی بیرکردنەوە و بونیادنەری تاکی ئازاد و هۆشیار نییە.

## سەرچاوەکان

ئاگرین، عەبدوڵا. (1996). شیعری سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان (لە یەکەم جەنگی جیهانییەوە تا ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی، بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی 1918-1930). ماستەرنامە.
ئەبریشەمی، عەبدوڵا. (بەبێ ساڵی چاپ). نەتەوەخوازی. وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی. چاپخانەی شڤان.
بێخود، مەلا مەحمودی موفتی. (1970). دیوانی بێخود. بەغدا: چاپخانەی سەلمان ئەلئەعزەمی.
بێشکچی، ئیسماعیل. (2019). بزاڤێن داگیرکەران لەسەر دابەشکردنی کوردستانێ 1915-1925. دهۆک: زانکۆی دهۆک، سەنتەری بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێ مرۆڤایەتی.
بێکەس، فایەق. (1986). دیوانی بێکەس. چاپی سێیەم. بەغدا: چاپخانەی ئەلادیب.
ساڵح، مەجید.( 2016) بیری نەتەوەیی لای شێخ نووری، کتێبخانە گشتییەکان، سلێمانی.
شارەزا، کەریم مستەفا. (2016). دیوانی شارەزا. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
شەرەفکەندی، سادق. (2012). کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد. وەرگێڕانی: تەها عەتیقی. چاپی دووەم. هەولێر.
شێخ ساڵح، شێخ نوری. (2008). دیوانی شیعری. کۆکردنەوەی: ئازاد عەبدولواحید. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.
قانع. (1979). دیوانی قانع. سلێمانی: چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
قەفتان، ساڵح. (2004). مێژووی گەلی کورد. چاپی دووەم. وەزارەتی ڕۆشنبیری.
کانت، ئیمانوئێل. (2007). دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار. وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

کچە کورد، زەینەب مەلا رەئوف خادم سەجادە. (2018). دیوانی زەینەب خان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

گۆران. (1980). سەرجەمی بەرهەمی گۆران. بەرگی یەکەم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

میسری، محمد دلێر ئەمین. (2004). ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورد. سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

میل، جۆن ستیوارت. (2016). لەبارەی ئازادییەوە. وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد سوڵتان. سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە. بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی: جون ستیوارت میل، حول الحرية، اعلانات الشرقية، مصر.

هێمن. (2012) دیوانی هێمن سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن، چاپی یەکەم. کوردستانی ئازاد.

لوك، جون، مقالتان فى الحكم المدني، ترجمة: ماجد الفخري، ،اللجنة الدولية لترجمة الروائع، بيروت،1959.

نوار، د. عبدالعزيز سليمان و نعنعى، د. عبدالمجيد ، تاريخ المعاصر الاوروبا من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية ،دار النهضة العربية، بيروت، 2014.

**بە زمانی ئەڵمانی:**

-Kant Immanuel , Was ist Aufklärung?l. Herstellung und Vefrlag: CreateSpace,North CharlestonImmanuel . 2016

https://kurdistantimes.org/2025/03/03/102-3/?fbclid=IwY2xjawIy2bFleHRuA2FlbQIxMQABHbc-k_0Ya9tZEuuhKWoDyl8zqw6nXyuQYR600tQ17T8KylIyd-sB8YMJiQ_aem_ujo5n664H_EGMx5hOgwpmA